# دەرگا کلۆمدراوەکەمان[1]




**زادوق ئادەم**
لە عەرەبییەوە کردۆتە کوردی

تەمەنم هەشت ساڵان بوو مینای ئێستای یوسفی کورم ، کاتێک کە باوکم منی نارده قوتابخانەی کەنیسەی گوندی دیلاما کە تێدا لە دایک بووم و گەورەبووم و پێگەیشتم ، دوای سێ ساڵ ڕێزدار ئیسحەق کوێخای گوندەکە و خاوەنەکەی کە باوکم بە دڵسۆزییەوە لەلای کاریدەکرد یارمەتی دام کە بچمە قوتابخانەیەکی پلە بەرزتر . پاش شەش ساڵ لە فێربوون و خوێندنەوە بوومە کۆیلەی جوانیی ئێستەری کچی ڕێزدار ئیسحەق هاوڕێی منداڵیم و هاوڕێم لە خوێندندا ، خۆشەویستیی نێوان من و ئێستەر بە نهێنی زۆر نەمایەوە ، بەڵکو لە گوندەکە ئاشکرا بوو و هەموو خەڵک باسیان لە خۆشەویستیی ئیشای کوڕی داود و ئێستەری کچی کوێخای گوندیان دەکرد . کاتێکیش کە یۆلیۆسی برای ئێستەر بەمەی زانی چوونەدەرەوەی لە خوشکەکەی قەدەغەکرد و لە ژوورێکی گەورەی کۆشکەکەیان زیندانی کرد و دەرگاکانی لەسەری داخست ، چونکە یۆلیۆس لە ئەندازە بەدەر رقی لێم



لێکۆڵینەوە بانیبال

دەبووەوە و لێشی دەترسام ، منیش بوومە دیلی خەون و خەیاڵەکانم و ئامۆژگاریی باوکم و پاڕانەوەکانی دایکم و فرمێسکەکانی هیچ کارێکی ئەوتۆی لە من نەکرد کە بگەڕێمەوە سەر عەقڵی خۆم و بیر لەو مەسەلەیە بکەمەوە . چونکە منێکی کوڕە هەژار و بەلەنگاز و ئەویش کیژی کوێخای گوندەکە و خاوەنەکەی ، خۆشەویستییەکەمان کۆتایی بە خۆشی و بەختەوەری نایەت و ڕەنگە بێتە مایەی کێشە و دەردەسەری بۆمان لە داوڕۆژدا . بەڵام من فرمێسکەکانی دایکم بەلامەوە گرنگ نەبوون و کێشام بەسەریدا و ئامۆژگارییەکانی باوکیشم مستەکۆڵەیەکی دەرخواردی کرد و ،منیش وەکو هێڕ و دێوانە کەوتمە خولانەوە لە دەوری ئەو کۆشکەی کە بووەزیندانی ئێستەر و بە ئومێدی ئەوەی لەپشت پەنجەرەوە تارماییەکەی ببینم ، زۆرترین کات سڵاومان لە ڕێگەی لەبیای خزمەتکارە دڵسۆزەکەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد ، بەڵام ئەمە زیاتر ئاگری خۆشەویستی لە دڵمدا گڵپەی دەداو ، کار گەیشتە ئەوەی رقم لە هەموو شتێک ببێتەوە ، یۆلیۆس ، باوکم ، دایکم و هەموو خەڵکی گوندەکەم . لە دواییدا لە شەوێکی درێژیی تاریکدا بیرێکم بە خەیاڵدا هاتەوە و بەپەلە خۆم گەیاندە کۆشکەکە و بە بۆرییەک بە سەربانی کۆشکەکە سەرکەوتم و لە ڕاڕەوەیەکدا خۆم گەیاندە ژووری ئێستەر و بینیم لەسەر قەرەوێڵەیەک نووستووە و بە ڕاموسانێک لە خەوەکەیم بێدارکردەوە و هەرکە منی بینی ویستی بقیژێنی دەمیم گرت و گووتم ئێستا کاتی نییە و هەمووشتێکم تێگەیاند و لە بڕیاری جێهێشتنی گوندەکەم ئاگادار کردەوە کە بەرەو گوندی خابووریا سەرهەڵدەگرین و من هەندێک ناسیاوم تیایدا هەیە و لە وێدا ژیانێکی نوێ دەستپێدەکەین ،ئیستەر ڕەزامەندیی لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەربڕی و بەپەلە هەندێک جلوبەرگمان لە باولیەک دانا و ئیستەر بڕێ پارەشی کەلەلای خۆیدا گلی دابووەوە لەگەڵ خۆمان هەڵگرت و دوای ئەوەی کورتە نامەیەک بۆ برایەکەی نووسی و باسی ڕۆیشتنەکەی بۆ کردبوو بێئەوەی شوێنەکەی پێبڵێت نەوەکو بە دوایاندا بچێت .

ڕۆیشتنەکەمان دەستییێکرد بێ ئەوەی لە درێژی و سروشتی ڕۆیشتنەکە شتێک بزانین چونکە هیچ یەکێکمان پێشتر سەردانی گوندەکەی نەکردبوو . ڕێگا سەخت و بەردەڵان بوو ، سەرمایەکی لە رادەبەدەر ، لەگەڵ سروشتدا بە باووبارانەکەوە ململانێمان دەکردوو بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی و ئازادی . بە درێژایی شەو ڕۆژێ لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین . کە شەو ڕاکشا ئێمە لە برسا و ترس و ماندوێتی شەکەت بووبووین . لە پڕ خۆمان لە بەردەم پەنجەرەی کۆلیتێکی بچکووکم بینی ، دەنگی پیرەمێردێکی کەلەگەت کە کاسێکی مەی بە دەستیەوە بوو ، دەبینرا کە گۆرانی دەوت ، هیچ چارەیەکمان نەبوو ، جگە لەوەی یەک لەم دووڕێگایە هەڵبژێرین ، یا تووڕەیی سروشت یاخود ئەو مرۆڤەی کەڵەگا دەچوو ، زیاتر لەوەی لە مرۆڤ بچێت ، بە دەستە سڕبووەکەم لە دەرگام دا

، دەنگی گۆرانییەکە کپبوو دوای ساتێک دەرگاکە کرایەوە و ئەو مرۆڤە کەڵەگەتە کە مەی روخساری بە تەواوی گۆڕیبوو پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و گووتی فەرموون بۆ ماڵی خۆتان ، من و سوریای هاوسەرم لایی ئێوە میوانین . ئەو بە ناوی گولیات خۆی ناساندو دەستی بە بەرزکردنەوەی کاسەی مەی یەک بە دوای یەکدا و منی ناچار کرد یەک دووکاسە بنۆشم کە لە ژیانی خۆمدا تامەکەیم نەچێشتبوو ، تا کارگەیشتە ئەوەی ئیستەریش کەمێکی لێبنۆوشێت ، کاسەی مەیەکە کاریگەری خۆی لە گولیات کرد و پڕی دایە هاوسەرەکەی ماچی کرد و دوایش دەستی بە ماچکردنی منی کرد و ئینجا نۆرە هاتە سەر ئیستەری هاوڕێم و لاجانگی ماچکرد هاواری کرد و خۆی لە دەستی قورتارکرد منیش دەستم بۆ کێرەدەکەم درێژکرد کە هەمیشە لە بن پشتێنم بوو ، بەڵام لە پڕ دڕەندەکە بۆ سروشتی مرۆڤانەی خۆی گەڕایەوە و بەگریانەوە داوای لێبوردنی کرد ، من دڵنیا بووم کە دڵێکی میهرەبانی هەیە و ئەو کارەی کە کردی کاریگەریی کاسەکانی مەیبوون ، شەو لە کۆلیتەکەی گولیات بەسەر برد ، ئەویش یەکێک لە ئەسپەکانی پێی فرۆشتین و دوایی خوا حافیزیی لێکردین ، ئینجا من و ئیستەر بەرە و ئەو لایەنە ڕۆیشتین کە گولیات دیاری کرد . لە کاتێکدا کە من هەنگاوم هەڵگرت و جلەوی ئەسپەکەم بەدەستەوە بوو ، تارمایی دایکم کە فرمێسکی دەباراند هاتە پێشچاوم و بیرم هاتەوە کاتێکی شەپاز لەیەکم بە روویدا کێشاو هەروەها باوکم بە بیر هاتەوە کە گوتی : کوڕم بەدوای خۆشەویستی کوێر رامەکە .. لەو ساتەیە هەستم کرد فرمێسکەکانی چاوم دەسووژێنێت ئەو مستەکۆڵەم بە بیرهاتەوە کە دەمی پڕخوێنی کرد . لە کاتێکدا کە ئێمە دەرۆیشتین ، سوارێکم بینی بە دوامانەوە رایدەکرد ، سوارەکە گولیات بوو ئەو پارچە قوماشە لوولدراوە کە ئیستەر ئەو برە پارەیەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو لە ناویدا پێچابوویەوە ، ئەو مرۆڤە لە پێش چاومدا زێتر مەزنتربوو ، هەستم کرد کە باوک و کەس و کاریشمە .

پاش سوپاسکردنی لە گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیەی لە ماڵەکەیدا لە بیرمانکردبوو ، داوای لێکردم کە سەربردەکەی بۆی بگێڕمەوە کە بۆچی بەرە و خابووریا دەڕۆم و گوندەکەی خۆم دیلاما بە جێهێشتووە ، هەموو شتێکم بۆی باسکرد ، پێی گوتم : ئێوەی عاشقان هەمیشە کاری غبەمەر ئەنجامدەدەن .... پاشان گوتی لە گەڵتان دێم و بەسەلامەتی دەتانگەینمە خابووریا .. سەرلەنوێ دەستمان بە ڕۆیشتنەکەمکان کرد و گولیات بە ڕێوە گۆرانی دەچڕی . لە کوتایی شەوگار و لەنزیک خابووریا دوو دز هاتنە پێشمان و پەلاماریان داین ، من و گولیات بە هەردووکمانەوە بە ئاسانی لە کۆڵمانکردنەوە و دوای ئەوەی گولیات بە سووکی بریندابوو ، لە دەوروبەری خابووریا گولیات وەستا و بەڕێیکردین و گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی و گووتی : ئەگەر ئاگام لە سەربردەی ئێوە بووایە و بەرە و کوێ





دەڕۆن ، نەمدەهێشت ماڵەکەم بە جێ بهێڵێن ، بەڵام کاسەی مەی کاریگەری خۆی کردبوو ، ئەو مەیەی چەند پاشاو مەلیک لە سەرتەختی لابردووە و گەورەیی و مێرخاسیی مەزنەکانی وونکردووە و دەوڵەمەندانی کردۆتە هەژار و خوێنی منداڵەکانی بۆ باوکانیان رشتووە ، مەی زانینی کەمکردۆتەوە و بە هێز و مەزنەکانی لاواز و بێهێزی کردوون ، ئینجا پەنجەی بۆ گوندەکەی درێژ کردوو گوتی : بە و ئاراستەیەی گوندەکە بڕۆن کە ماڵی قەشەی گوند لەوێیە و پێی بڵێن : گولیات ئێمەی بۆ لای تۆ ناردووە ، مسۆگەر بەخۆشحالییەوە پێشوازیتان لێ دەکات و هاوکاریتان دەکات ، دوای خواحافیزیی ئەسپەکەی بەرە و گوندەکەی خۆی سووراندوو بە غاردان بۆی دەرچوو و ئێمەی جێهێشت .

چووینە نێو گوندەکەی خابووریا و کچێکی منداڵکارانەمان بینی ، لێمان پرسی ماڵی قەشە کامەیە ، دیاربوو ئەو پولینای کچی قەشە ئەخیقاربوو ، قەشەی گوندەکە بە گەرمی پێشوازیی کردین دوای حەسانەوەمان چیرۆکەکەی خۆمان لە سەرەتاوە تاکۆ کۆتایی بەبێ کەموزیادە بۆی گێڕایەوە ، سەربەردەکەمان کاریگەریی لێیکرد ، بەڵێنی پێداین هاوکارمان بێت ، ئێمەیش بەڵێنماندا کە ببینە مامۆستای خۆبەخش بۆ گوندەکەیان کە زانیمان مامۆستایان نییە ... پاش هەفتەیەک ئێمە بەخەڵکی گوندەکەی ناساند وەکو مامۆستا لە قوتابخانە ساویلکەکەی گوندەکەیان ، دوایی من و ئیستەر هاوسەرگیریمان کردوو بە شەرعی بووینە ژن و مێرد و هەر زوو وەکو خەڵکی گوندەکە ئەژماریانکردین و هەموویان ئیستەری مامۆستایان خۆشدەویست . ئەویش بەو بڕە پارەیەی کە مایبوو بڕیاریدا قوتابخانەیەکی بچووک و نوێ بۆ گوندەکە لەسەر ئەرکی خۆی دروست بکات . ئیستەری خۆشەویستم کە سوجدەم بۆ دەبرد ، سەلماندی کە هاوسەرێکی ڕێکوپێک و کەیبانووێکی لێشوەشایە و مرۆڤێکە لە هەموو ڕوویەکەوە ، هەستم دەکرد کە بەختیارترین کەسم لە دونیا ئێمە نموونەی ژن و مێردێکی دڵسۆزین ، هەرچەندە شتێک هەبوو جاروبار دڵتەنگی دەکردین ، ئەویش ماڵەکەمان بوو کە لە دیلاما بە جێمان هێشتبوو ، لەگەڵ کەسوکارمان کە بیرەوەرییەکانیان ئێمەیان لەتلەت دەکرد : هەژدەساڵان لە خابووریا ماینەوە ، یوسفی کوڕم تاکە بەرهەمی هاوسەرگیرییەکەمان بوو ، ئێستا هەروەکو باسم کرد تەمەنی هەژدە ساڵە سەرەڕای سادەیی و چاکەکەی خەڵکی گوندە نوێیەکەمان . ئەم هەموو ساڵانە نەیانتوانی خۆشەویستی گوندەکەمان ، زێدمان لە دڵماندا بسڕنەوە ، ڕۆژێکیان ، کاتێک لە یەکێک لە پۆلەکانی قوتابخانە دەرسم دەوتەوە قوتابییەک هاتوو گوتی : میوانێک هاتووە و لە ژووری قەشە چاوەڕێت دەکات ، کە ڕۆیشتم بینیم یۆلیۆسی برای ئیستەرە لە شوێنی خۆمدا رەق وەستام ، هەستم بە خوێنی گەرمی تووڕەیی کرد لە لەشمدا ، هەروەها ترس و دڵەڕاوکێم لە دەم و چاوی یۆلیۆسدا بەدی کرد .

بەڵام خۆم گرت و تووڕەییەکەم شاردەوە ، چونکە بیرم هاتەوە کە ئێستا کە خزمی منە و برای هاوسەرەکەمە چاکوچۆنیمان کرد و بۆ ماڵەوەم برد ، هەر هندە مابوو ئیستەر لە خۆشیا لەشققەی باڵ بدات و بفرێت ، پاش هەژدەساڵ دوورکەوتنەوە خوشک و برا چاویان بە یەکتری دەکەوێت ، باوەشیی پیاکردوو ئەملا و ئەولای ماچ کرد لە خۆشیا رۆندکی چاوان دەباراند و لە باوک و دایکی و خزم و کەسوکار و خزمەتکارەکانیان دەپرسیی ... لەو شەوەدا بانگهێشتی خەڵکی گوندەکەمان کرد بۆ ئەو ئاهەنگە خنجیلانەیەی کە بەبۆنەی هاتنی براکەی سازماندا . بەڵام من چڕوچاوی بە سروشتی نەمدەبینی ، هەربۆیە گومان کەوتە دڵمەوە و ترسم لێنیشتەوەبەتایبەتیش دوای ئەوەی گوتی : ساڵانێکە لە ماڵەوە دەرچوومە و بە دوای ئیستەر دەگەڕێم تاکو بیکوژم لە سەرهەڵگرتنەکەی و پاراستنی شەرەفی خێزانەکەمان ، بەڵام کە بە دیداری ئێوە شادبوومەوە لە بیرەکەم پەشیمان بوومەوە و ئێستا کە زۆر بەختەوەر و شادومانم ، سەیرم کرد یۆلیۆس کێردێکی لە ژێر پشتێنی خۆی شاردۆتەوە و کە ڕۆیشت بۆ نووستنیش لە شوێنی خۆیدا هێشتەوە ، منیش بڕیارمدا بە جل و بەرگی خۆمەوە بنووم و کێردەکەشم بۆ کاری نائاسایی لەبن پشتێنەکەم هێشتەوە ، نازانم چۆن خەوم لێکەوت لە کاتێکدا زۆر نارەحەت بووم ... بەڵام لە دەنگی یوسفی کورم بێداربوومەوە کە دەیقیژاند و هەمووی لە خەو دەرپەڕاند، یەکسەر بۆ ژووری نووستنی یوسف و ئیستەر ڕامکرد ، بینیم یۆلیۆس بە کێردەکەی بەربۆتە گیانی ئیستەر و ئەویش هاوار دەکات ئیش... ئیش... ڕزگارم بکا لەو کاتەدا عەقڵم نەما ، نازانم چۆنم ئەوکارەکرد ، بەڵام دوای ساتێکی کورت بە هۆش خۆم هاتمەوە و خۆمم لە دەستی خەڵکی گوندەکە بینیەوە ، کە هەوڵی گرتنمیان دەدا ، تادەست لە کەللەسەری یۆلیۆس بەربدەم کەلە لاشەکەیم کردبووەوە و لە زەویم دەدا .. ئیستەر مرد و بەدەستی برا خوێنمژەکەی کوژرا ، ئەو ڕۆژەی ئیستەر مرد منیش مردم ، من ئێستاکە پێویستیم بە هیچ شتێک وەک ئەوەی پێویستیم بە مردن هەیەنیە ،هەرچییەکەم هەبوو لە دەستمدا ، ئیستەر هەموو شتێک بوو بە نیسبەت منەوە .. دوای ئەوەی بەر لە هەژدەساڵ باوک و دایک و کەس وکار و ناسیاوەکانم لە دەستدا ، پاش ئیستەر ژیانم بووە دۆزەخ و فرمێسک لە چاوانم نابڕێت ، بیرەوەرییەکانی هەموو قوژبن و کەلەبەری خانووەکەی تژی دەکرد . ئامۆژگارییەکانی قەشەی گوند و خەڵکەکەی هیچ سوودێکی بۆ من نەبوو ، داوایان لێکردم خانووەکەم جێبهێڵم و بگوێزمەوە بۆ خانووێکی دیکە تاوەکو لە بیرەوەرییەکانی خانووی پێشووم دووربکەومەوە ، بەڵام نەمتوانی ئەوە بکەم .لە دوایدا خەڵکی گوندەکە بڕیاریاندا دەربکرێم ... بەڵی لە خابووریا دەرکرام و بڕیارمدا بگەڕێمەوە گوندەکەی پێشووم دیلاما و دەستەکانی باوکم ماچ بکەم و لەبەر پێی دایکم سوجدە ببەم .. بەڵکی لێمدەبوورن پاش ئەوەی ئێشوو ئازارێکی





زۆرم پێگەیاندن ، برێک زادم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و دەستی یوسفی کوڕم گرت و بە هەمان ئەو ڕێگایەی پێش هەژدەساڵ پێداهاتم گەڕامەوە بۆ زێدی خۆم ..
گەڕانەوە بۆ گوندەکەم و بۆ ماڵەکەم .. شوێن و جێگەی لە دایکبوونم .. ڕێگاکە گەلێک سەختبوو ، زەحمەتێکی زۆرم هاتە پێش پرسیارەکانی یوسفیش کۆتایی نەدەهاتن : باوکم ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین ؟ بۆ ناگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە ؟ بۆ چی تۆ گەورەیت و بەسەر شاخان دەکەویت و من بە هاریکاریی تۆ بەسەریان دەکەوم .. نەمدەزانی چۆن وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە بدەمەوە ؟ ناچاردەبووم هەندێک جار درۆی لەگەڵبکەم .. بە گوندەکەی گولیاتی دۆستی دێرینم تێپەڕیم ، بە شوانەکەی مەڕومالاتی نامەیکم بۆ ڕەوانەکرد ، کاتێک کە شەوێک ڕێگەم مابوو بگەمە گوندی دیلاما ، زەلامێک کە عارەبانەیەکی پێبوو تووشم بوو، لەگەڵ یوسفی کوڕم سواری عارەبانەکەی کردین ، لە ڕووناکبوونەوەی دونیا گەیشتمە گوندەکەی سەردەمی منداڵیم ، تا ئێستایش هەموو شتێکم لە بیرماوە ، ئەو کۆڵانەی کە بەرەو ماڵمان دەچێت .. من و یوسفی کوڕم ڕۆیشتین لە بەردەم دەرگا چاوم بە باوکم کەوت ، سەرەڕای کە پیرببوو ناسیمەوە ، بەڵام ئەو منی نەناسیەوە ... خۆم پێناساند و باوەشم پیاکردو چاک و چونییەکی گەرمم لەو باوکە کرد کە لێمدا چونکە ئامۆژگاری کردم کە لەکیژی دەوڵەمەندان نزیک نەبمەوە ، چونکە گوتی :لە تاڵی و سوێری زێر هیچی دیکەت چنگناکەوێت ، هەستم بە رۆندکە گەرمەکانی دەکرد کە دەڕژانە سەر رووخسارم ، دوایی چیرۆکی سەربردەکەیم بۆ گێڕایەوە ، ئەویش باسی مردنی دایکمی کرد هەردووکمان پێکەوە گەلێک گریاین ، شادییەکەمان بوو بە شین .. پاش سێ ڕۆژ بە دەستبەستراوی بۆ ماڵی ئیسحاقی کوێخای گوندەکە برام و پێشکەشی ئەنجوومەنی گوندەکەی کردم بۆ دادگایی کردن ، لەبەر ئەوەی کیژەکەیم رفاندو بوومە هۆکاری کوشتنی کچەکەی یۆلیۆسی کوڕی . بە حوکمی دادگاوە سزای هەتاهەتایی بۆم بڕایەوە و کوێخا ئیسحاق کوڕەکەم لە جیانی کوڕەکەی خۆی بردەوە و منیان بەرەو بەندینخانە برد تاوەکو ژیانم تێدا تەواو بکەم و چاوەڕێی مردن بکەم کە بگەمە ئیستەر و باسی حوکمی باوکی بکەم کە کوڕەکەمانی سەندەوە .هەموو نووسەرێک بەوە دەناسرێت کە تاچەند لەگەڵ رووداوی چیرۆکەکەی یەکانگیربووە و هەستی مرۆڤەکان دەورووژێنێت رۆدەچێتە قووڵایی دەروون و سۆزەکانی دەبزوێنی و خوێنەر بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکەی رادەکێشێت . میشایل لازار بە نووسەرێکی داهێنەر دادەنرێت لەم بوارەدا ، هیچ رۆمانێکی سریانی وەکو ئەم ڕۆمانە ( دەرگا داخراوەکەمان ) بایەخی پێنەدراوە و جێگەی خۆی لە دڵی خوێنەوەران و عاشقانی ئەدەب نەبینیوە..رەوانشاد میشایل لازار لە گێڕانەوەی رووداوەکانی چیرۆکەکەی سەرکەوتووبووە و وای داڕشتوون کە سەرنجی خوێنەری رابکێشێت و ناچاری دەکات لەگەڵ دەستپێکردنی

خوێندنەکە تا کۆتایی دەستی لێبەرنەدات .. کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانی میشایل لازار ، پاڵەوانی خەیاڵی نین ، بەڵکو مرۆڤی سادە و سروشتین ، دەیانبینی دەجوڵێن و دەئاخوون و مینای هەموو خەڵکانی دیکە بە بێ زیادەرەوی و خۆهەڵکێشان میشایل لازار ئەمانە هەمووی زۆر بە جوانی و شێوازێکی ئەدەبیانە پێکەوە گرێداون و هەست و سۆزی خەڵکی بە رێکی بە خەڵکی گەیاندووە .

رۆمانی دەرگا داخراوەکەمان پشت بەو ململانێیە ئەزەلییە دەبەستێت کە لە نێوان ئازادی و کۆیلەیی دێتە ئاراوە ، ئازادیی کە بەگەلێک جۆرەوە بە دیار دەکەوێت ، لەم رۆمانەی ئێمەدا لە شێوەی ئەو دڵدارییە گەورەیە دەبینرێت لە نێوان ئیشا و ئیستەر درووستبوو و گەشەی سەندوهەردووکیان دەبنە پاڵەوانی ئازادی و قوربانییەکەی . بەڵام کۆیلەتی خۆی لە کەسایەتی ئیسحاق کوێخای گوندەکە و یۆلیۆسی کوڕە خراپەکەی دەنوێنێت ، کە دڵەکەی پڕە لە رق و کینە و خۆبەزلزانین و بەچاوێکی سووکەوە سەیری ئیشای دەکات لەبەرئەوەی لە چینی هەژارەو ، لەو ئاستەدا نییە کە ببێتە زاوایان و رق و کینەکە پاڵی پێوە دەنێت کە خوشکەکەی شووی بە یەکێک کردووە لە ئاستی ئەوان نزمترە .

هەروەها گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی لە لایەن میشایل لازارەوە بە ئاشکرا دیارە ، ئەو وا لە گوندی دیلاما زێدی ئیشا دەڕوانێت کە بەهەشتێکە بۆ خۆی و جێگەیەکی دیکە نموونەی نییە ، تا ئەندازەیەک ئەو دڵداری و خۆشەویستییە مەزنەی نێوان ئیشا و ئیستەر نەیتوانی نیشتمانی زێدیان و خەڵکەکەی لە بیریان بباتەوە . ئیشای دەرگای ماڵەکەی کە دروستی کردبوو دایخست و گەڕایەوە نیشتمانەکەی .. هەروەها گەلێک جاران گیانی نەتەوەیی خۆشەویستیی زمانەکەی لە رۆمانەکەی دەنگدەداتەوە کاتێک دەڵێت ، ئەو زمانە پیرۆزە مۆسیقیە کە باوک و باپیرانمان پێوەی نووسیون .. هەروەها لە زمانی ئیستەرەوە باسی نیشتمان دەکات کە دەڵێت ئەگەر لە کۆشکی گەورە کە لە ئاسمان بنیاتنرابن ژیان بەسەرببەین و لەسەر تەخت و تاراجی پاشایان نوستین و لەگەڵ پەریان لە دەریاکانە مەلەوانیمان کرد و لە ئیمپراتۆریەتی مەلاییکە سەمامانکرد و شەومان بەسەر برد ، بەڵام خانوویەک وەکو ئەوەی تیایدا لە دایک بووین و پەروەردەکراین بەدی ناکەین .

**پەراوێز:**

پێشکەش کردن و توێژینەوەی: یوسف نمرود کانون ، ئەم نووسینە لە پاشکۆی چاپی رۆمانە کە بڵاوکراوتەوە و کاتی خۆی یوسف نمرود لە لاپەڕەی رۆشنبیریی ئاشووری رۆژنامەی ئەلتەئاخی ژمارە 1205 ی 6 کانوونی یەکەمی ساڵی 1972 دا بڵاوکردۆتەوە.